# ئازادی بیروڕاو فۆبیای ئیسلامی

## سەبارەت بە یاداشتنامەی کۆمەڵێک مەلای کوردستان

حەمەغەفور
2008/6/10

سەرەتای مانگی ئایاری ئەمساڵ کۆمەڵێک مەلای ئایینی ئیسلام "یاداشتنامە"یەکیان ئاراستەی دەسەڵاتدارانو سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کردبوو، کە تیایدا ژمارەیەک نووسەرو ئازادیخواز کە ڕەخنەی زانستیو بنیاتنەریان لە ئاینی ئیسلامو کاریگەری بەهاکانی بەسەر ژەنو هووشیاری کۆمەلایەتیو فەرهەنگو تێڕوانینی خەڵکەوە گرتووە لەگەڵ ژمارەیەک لە گۆڤارو ڕۆژنامەو کەناڵی ڕاگەیاندنو چاپخانەو تد، کە بە بیانووی سووکایەتیکردن بە ئاینی ئیسلامو پیرۆزییەکانی بە "تاوانبار" ناوزەدکراون، وە داواکاری تۆڵەسەندنەوەو سزای توندی شەرعیان دەکەن. ئەم هەنگاوەی مەلاکان ئاراستەیەکی ناشیرینی پێکهاتەی کۆمەڵی کوردستانەو دیار نییە خەڵکی کوردستان هێشتا دەبێ چەندی تر تەحەمولی ئەم بارە سەختە بکەنو هەتا کەی جەوری ئەم دۆگما ئاینییە بکێشن!

خودی ئەو یاداشتە قەترانییە بە تەنها پیمانئەڵێت کە تا چڕادەیەک ترسناکو کارەساتبارە ئەگەر دەستی دینو پیاوانی ئایینی لە دەسەلاتو لە دەوڵەت دوور وە جیانەکرێتەوە، ئەگەر بێتو کاریگەرییو دەخالەتی بەسەر ژیانو چارەنووسو کەسایەتی زاتی ئینسانەوە پاکنەکرێتەوە! ئەم یاداشتە گەوهەری دژو پێچەوانەی تێڕووانینی فکرو ئایدیۆلۆژیای ئایینی ئیسلام بە جوانترین شێوە دەخاتەڕوو سەبارەت بە کۆمەڵگای مەدەنیو بەهاکانی، سەبارەت بە مرۆڤو ئەرکو مافو ئازادییەکانی، سەبارەت بە ئامادەبوونی جووڵانەوەیەکی زانستیو ڕۆشنگەری کە لەم دەڤەرە کەوتۆتە سەر پێ، وە دەربارەی خواستو ئارەزوویەکی قووڵو بێئەوپەڕی کۆمەڵی کوردستانو خەڵکەکەی بۆ جێهێشتنی هەموو شتێکی کۆنو دارشتنی بنەماکانی کۆمەڵگایەکی هاوچەرخو ئازادو کراوە. ئەم یاداشتە نامۆییو نەهاتنەوەی دیدو ڕێبازو ئایدیۆلۆژیای ئایینی بە گشتیو دینو دیانەتی ئیسلامی بە تایبەتی لەگەڵ ڕێڕەوی مێژوویی نیشانئەداو ئەیسەلمێنێ کە چۆن تەشقەڵەو تەگەرەیەکی گیانسەختە لەبەرپێی پێشکەوتنو نوێبوونەوەدا.

لە ناواخنی ئەم یاداشتەی پیاوانی ئایینی کوردستاندا سەرباری بانگەشەی ئاشکرا بۆ دەمبەستنو چەپاندنو تۆقاندنو هەلواسینو تیرۆر، قەبارەو هەیکەلی دامەزراوەیەکی زەببەللاحی ئیسلامیی ئامادەیە بۆ وەستانەوە لەدژی ڕەوەندی ڕوو لەپێشو ڕوو لە گەشەی کۆمەڵگای کوردستان، بەمەبەستی کوێرکردنەوەی داهێنانەکانو خەلاقییەتەکانی ئەم خەڵکەو ئەم وولاتە!

بەپێچەوانەی لێکدانەوەی نووسەرانی ئەو ڕاگەیەنراوەوە کە سینیاڵیان لێدابوو گوایا خەڵکی کوردستان تووڕەو نارازین، کەچی بەشوێن بلاوبوونەوەی ئەم یاداشتەدا کۆمەڵگای کوردستان نەک هەر لەجێی خۆی تەکانی نەخوارد، بگرە لە ئاستی لێپرسراوێتیدا ڕاوەستاو هەڵوێستی جوامێرانەی لە بەرژەوەندی دیالۆگ هەڵبژارد. بەلام بەستەڵەکی قەتماغەی قەترانیی هەزاران ساڵەی فکرو ئایدیۆلۆژیای ئایینی لەکوێ لە مانای دیالۆگ تێئەگا، یاخود کەی هێزو توانای ململانێی فکریو دانیشتنو حیواری هەیە! بەلام لەم نێوەدا ئەوەی ئێجگار شوێنی سەرنجو تێڕامانی گشتی بوو کاردانەوەی خێرای سەرۆکی هەرێم(مەسعود بەرزانی)بوو کە داوای پێکهێنانی لێژنەیەکی کرد بۆ بەدواداچوونی بابەتەکانی ناو یاداشتەکە.

ئەم كێشمەكێشە لە نێوان تاریكستانی ئیسلامی لەلایەكو ئازادیخوازانو بوێرانو ڕەخنەگرانی شایستەو جەسوور لەولای ترەوە شتێكی تازە نییەو زۆر بەر لە تیرۆری عەبدولخالەق مەعروفو پاش بڵاوبوونەوەی ووتاری (ئیغتیسابی ژنان لە ئیسلام)ی ڕێبوار ئەحمەد لە بڵاوكراوەی (بۆپێشەوە)دا، وە بەدوای (حەملەی ئیمانی ڕژێمی سەددام بۆ سەرپەڕاندنی ژنان بە بیانووی لەشفرۆشییەوە) چجای تەخشانو پەخشانی فەتوای ڕەشەكوژی ژنانو كیژانی تازەلاوو دڵدار لە بڵندگۆی مزگەوتەكانی كوردستانەوە بە بەهانەی سڕینەوەی عارو ئازاكردنی گەردنی نامووسپەرستانەوە هەتا بگات بە كارەساتی فلیقاندنەوەی جەستەی نازداری (دۆعا) لەناوەڕاستی مەیدانی شاردا دەستپێكردووە. ئەو نووسەرو ئازادئەندێشانەی وا ئەو یاداشتە دەیانگرێتەوە ڕەخنەی بوێرانەیان ئاراستەی فكرو ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی كردووە لەپێناوی ڕۆشنگەریو بەرگرتن بەو شاڵاوی تاوانكاریو جینۆسایدو داخرانەی وا سەدان ساڵە لەژێر ناوی پیرۆزییەكانی ئیسلامو بەها كۆنو بەسەرچووەكانی سەدەكانی ڕابردوودا لەدژی ئازادیخوازان، ڕۆشنبیران، ئاتەئیستەكانو سكۆلاریستەكانو ژنانو كیژانی ئازادەو دڵدار وە لایەنگرانی دیالۆگو فرەییو كرانەوەو كۆمەڵگا خراوەتەگەڕو زۆر بە سەختی پرۆسەی گۆڕانو گەشەو بەرەوپێشەوەچوونی پەكخستووە!

ئەم یاداشتە خۆی زۆر ئاشكراو ڕاشكاوانە لێوانلێوە لە سووكایەتیكردن بە مرۆڤو مافو ئازادییەكانی، پڕاوپڕە لە بانگەشەی توندوتیژیی بێئەوپەڕ لە دژی هەموو ئینسانێكی بێتاوان، ئەمسەر تا ئەوسەری هەمووی تاوانباركردنی بێبنەماو پڕلەهەواو نەسەلمێنراوو نایاساییە لە دژی نەیارانی فیكریو ئایدۆلۆژی، پێشێلكردنی هەقو مافی تاكو كۆیەو بانگەشەی ئەنفالو جینۆسایدێكی ڕوونو ئاشكراو بێپەردەیەو دەبێ نووسەرانو ئیمزاكەرانی بدرێنە دادگاو سزای یاسایی بدرێن.

كوردستان كۆمەڵگایەكی مەدەنییەو سەرباری هەڵواسراویی چارەنووسی سیاسییەكەی، حكومەتو یاسایەك لەئارادایەو نابێ ڕێگابدرێ بە هیچ كەسو لایەنێك بەبیانووی هیچ پیرۆزیو موقەدەساتێكەوە ئازادیو مافەكانی ئینسان بخاتەژێرپێوەو بانگەشە بۆ توندوتیژیو تۆقاندنو پاكسازی مرۆڤ بكات لەسەر بنەمای عەقیدەییو ئایدیۆلۆژی.

تاوانباركردنی بەكۆمەڵ كە یەكێكە لە ڕەكیزەكانی ئەو یاداشتنامەیە خۆی تاوانێكی گەورەیەو نابێ لەژێر هیچ بیانوویەكدا لە كوردستان ڕێگە بە هیچ كەسو هێزو لایەنێك بدرێ دەسی بۆ بەرێ! چونكە ئەوە كەرەسەو پاشماوەی داهێنانەكانی دەسەڵاتی ڕەهاو تۆتالیتاریی ئایینییەو لەوانەش ئایینی ئیسلام كە لە سورەتی ئەنفالو چەندین جێگای تری "قورعان"دا تەئكیدی لەسەر كراوەتەوە. ژمارەی ئەو كەسانەی كە ئەو یاداشتنامەیە دەیانگرێتەوە ئێجگار زۆرن. پیاوانی ئایینی هاتوون لەسەرووی دەسەڵاتو یاساو سەروەریو بەهاكانەوە بەناو پڕوپووچی موقەدەساتدا باڵدەگرنو شمشێری هارونەڕەشید ڕائەوەشێننو گەرەكیانە لەم هەزارەی سێهەمەدا پێمانڕاگەیەنن كە ئەوەی دەنكە جۆیەكی سوڵتانی خواردبێ ئەكەوێتە بەر غەزەبو تووڕەیی خوداوەو جێبەجێكردنی ئەو غەزەبەش ئەركی نوێنەرانی خودایە لەسەر ئەرز!

ئەم یاداشتنامەیە لەئاستی بانگەشەی ئەنفالدایەو خاوەنانی ئەو یاداشتە پێویستە لێپێچینەوەی یاساییان لە دادگایەكی ئاشكرادا لەگەڵدا بكرێو سزای یاسایی خۆیان وەرگرن. لە هەمانكاتدا پرۆسەی لێپێچینەوەی درووستی یاسایی لەگەڵ ئەو كۆمەڵە مەلایەدا بكرێتە كەرەسەو بنەمای داڕشتنی بڕیارێكی یاسایی بۆ بەرگرتن بەم جۆرە كارانەو بۆ پارێزراوبوونی ئازادی بیروڕاو ئازادی ڕەخنەگرتن لە

کوردستان. لەگەڵیشیدا قەرەبووی لەکەداربوونی کەسایەتیو حورمەتی ئینسانیی وە ڕۆشنبیریی بۆ ئەو نووسەرانەو بۆ ئەو کەناڵو ڕۆژنامانەی لەو یاداشتەدا ناویان هاتووە بکرێتەوە! لەم ڕێگایەوە دەکرێ کۆمەڵگای کوردستانو بەها پیرۆزو جوانەکانی، لەسەروو هەمووشیانەوە سەرجەمی هاووڵاتیانو مافو ئازادییەکانیان لەمەترسی دۆگماو دەمارگیری ئایینیو بیرو بڕواو ئایدیۆلۆژیای سەپێنراو پارێزراو ڕابگرینو هەمیشە لە گەشانەوەدا بن!